Iraqi Kurdistan National Assembly
Kurdistan-Erbil



ئه نجومه‌نی
نیشتمانی كوردستان – عیّراق
لیّژنه‌ی دارایی و ئابوری
ژماره‌:
به‌روار/    /    /

# بۆ/سه‌رۆكایه‌تی ئه نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان

## بابه‌ت / راپۆرت

لیّژنه‌ی دارایی وئابوری پاش زنجیره‌یه‌ك كۆبونه‌وه‌ و پرس و راویّژكردن و بانگیّشتكردنی جیّگرانی وه‌زاره‌ته‌كانی دارایی و ئابوری هه‌ریّم و چه‌ند كۆبونه‌وه‌یه‌كی تری هاوبه‌ش . لیّژنه‌كه‌مان چه‌ند راو پیّشنیاریّكی هه‌بو به‌م شیّوه‌ی خواره‌وه‌ ده‌یخه‌ینه‌ پیّش چاوی به‌ریّزتان .

1- ده‌بوایه‌ بودجه‌ له‌كۆتای سالّی (2007) دا بهاتایه‌ته‌ په‌رله‌مان تا له‌كاتی خۆیدا گفتوگۆی له‌سه‌ربكرایه‌، ئه‌م تیّبینیه‌مان له‌سالّی (2007) یشدا هه‌رهه‌بوو . له‌گه‌لّ ئه‌وه‌دا كه‌ئیّمه‌ ره‌چاوی ئه‌و راستییه‌ ده‌كه‌ین، سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كی بودجه‌ی هه‌ریّمی كوردستان بریتیه‌ له‌و ریّژه‌یه‌ له‌بودجه‌ی گشتی عیّراق ته‌رخانده‌كریّ ، به‌شیّوه‌یه‌كی تر بودجه‌ی هه‌ریّم به‌ستراوه‌ته‌وه‌ به‌بودجه‌ی سه‌رانسه‌ری عیّراق ، به‌لاّم له‌هه‌مان كاتدا ده‌بیّت كار بكریّت بۆ به‌ده‌ستهیّنانی جۆره‌ ئازادیه‌ك له‌سه‌ر بنه‌مای فیدرالیزم و سه‌ربه‌خۆییه‌كی ریّژه‌یی ئابوری و دارایی له‌لایه‌ك و هه‌مه‌جۆر كردنی سه‌رچاوه‌كانی داهات له‌لایه‌كی تر.

2- له‌راپۆرتی سالّی 2007 دالیّژنه‌كه‌مان داوایكردبوو كه‌هه‌ردوو وه‌زاره‌تی دارایی به‌زوترین كات یه‌ك بگرنه‌وه‌ به‌داخه‌وه‌ تاكو ئیّستا ش ده‌زگاكانی ئه‌و وه‌زاره‌ته‌ یه‌كنه‌خراون ئه‌مه‌ش دلّه‌ راوكیّه‌كی لای خه‌لّكی كوردستان دروستكردو وه‌ و بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ش كه‌ په‌رله‌مان نه‌توانیّ وه‌ك پیّویست به‌ئه‌ركه‌كانی خۆی هه‌لّسیّ سه‌باره‌ت به‌چاودیّریكردنی باری دارایی و ئابوری له‌هه‌ریّمدا و هه‌نگاو نان بۆ چاره‌سه‌ركردنی كیّشه‌كانی ئابوری و كۆمه‌لاّیه‌تی ، بۆیه‌ جاریّكی تر جه‌ختده‌كه‌ینه‌وه‌ سه‌رئه‌وه‌ی ، پیّویسته‌ هه‌موو ده‌زگاكانی ئه‌و وه‌زاره‌تانه‌ی كه‌ تاكو ئیّستا یه‌كنه‌خراونه‌ته‌وه‌ به‌زوترین كات یه‌كبخریّن تابتوانن ئه‌ركه‌كانیان به‌باشی ببینن .

3- لیّژنه‌كه‌مان پیّشنیار ده‌كات ئه‌ندامانی به‌ریّزی په‌رله‌مان ده‌نگبده‌ن بۆ یه‌كخستنی بودجه‌ی وه‌زاره‌ته‌كانی دارایی و ئابوری و وه‌زاره‌تی هه‌ریّم بۆ كاروباری دارایی و ئابوری ،وه‌زاره‌تی ناوخۆ و هه‌ریّم بۆ كاروباری ناوخۆ، ده‌زگاكانی ئاسایش و دیوانی چاودیّری دارایی كه‌ بودجه‌كانیان یه‌كبخریّت و داواش له‌ حكومه‌تی هه‌ریّم بكریّت كه‌ پیّش كۆتایی مانگی حوزه‌یرانی (2008) ئه‌و وه‌زاره‌ت و ده‌زگایانه‌ یه‌كبخات و په‌رله‌مانیش به‌دواداچونی خۆی بكات

4- لیّژنه‌كه‌مان سالّی 2007 ئاماژه‌ی به‌وه‌كردبوو كه‌كارو فه‌رمانی هه‌ندیّك له‌وه‌زاره‌ته‌كان نزیكه‌و ده‌كریّت هه‌ندیّك له‌و وه‌زاره‌تانه‌ یه‌كبخریّن ، بۆئه‌مه‌ش داوامان له‌ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران كردبوو كه‌ لیّكۆلّینه‌وه‌ له‌و

بوارەدابکات و نەخشە و پلانێکیش بۆ یەکخستنی ئەو وەزارەتانە دابنێن کەهاوکاروهاو شێوەن بەلأم تاکو ئێستا لە پراکتیکیدا هیچ نەکراوە .

5- لیژنەکەمان داوایکردبوو کەوەزارەتی دارایی بەشێوەیەکی وەرزی ڕا پۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان بکات سەبارەت بەباری دارایی و ئابوری هەرێم ، لەکاتێکدا جەخت دەکەینەوە سەرپێشکەش کردنی ئەو ڕا پۆرتە داوادەکەین کەوەزارەتی دارایی (ژمێری کۆتای) (الحسابات الختامیە ) پێشکەش بە پەرلەمان بکات لەماوەی مانگێکدا لەرۆژی بڕیاردان لەسەر بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2008 .

6- ساڵی 2007 بڕە پارەیەك لای حکومەتی مەرکەزی مابۆوە لە پشکی ساڵانی ڕابوردوی هەرێم ، لیژنەکەمان داوای لەئەنجومەنی وەزیران کردبوو کە هەوڵبدات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بڕە پارەیەو لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا بەکار بهێنرێت ، تا ئێستا هیچ زانیاریەك نەدراوەبە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەوبارەیەوە .

7- لەکاتی ئامادەکردن و تاوو توێکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی عێراقدا پێویستە حکومەتی هەرێم و نوێنەرانی هەرێم پەراوێز نەخرێن ، کەتا ئێستا ئەمە ڕویداوە و دەبێتە هۆی بەشخواردنی خەڵکی کوردستان 0

8- وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند جارێك داوای لەوەزارەتەکان کردووە ، کەبودجەکانیان پێشکەش بەوەزارەت بکەن ، هەندێ لەو وەزارەتانە دوا کەوتوون لەئامادەکردنی بودجەکانیان 0 دەبێ حکومەتی هەرێم لێپێچینەوە لەو وەزارەتانە بکات و ئاگادارمان بکاتەوە لەئەنجامەکەی .

9- دەبوایە لە پرۆسەی ئامادەکردنی بودجە ی ئەنجومەنی نیشتمانیدا لیژنەی دارایی و ئابوری ئاگاداربوایە ، نەك لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوەو لەچوار چێوەی بودجەی هەرێمدا ئەو زانیاریانەمان پێ بگات ؟.

10- لە پرۆسەی ئامادەکرنی بودجەی هەرێمدا ئەوەی تێبینی دەکرێ ، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی پێشنیار کراو و ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەکرێ ، کەهەندێ جار زیاتر لەدوو هەندە یە ،ئەمەش جێگای پرسیارەونیشانەیەکەبۆ زێدەڕۆی دەزگاکانی حکومەت لەو بوارەدا لەلایەکو بێتوانایی هەندێ لەکارمەندانی ئەو بوارە لەلایەکی تر . پێویستە میکانیزمێك دابنرێت و چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت .دیارە ئەم دیاردەیە جگە لەهەڵئاوسانی دەزگاکان و بەفیڕۆبردنی سەروەت و سامانی گشتی ، ڕێگا یەکێشە بۆ دروست بون و گەشە کردنی گەندەڵی .

11- ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕێژەی خەرجیەکانی بەکار خستن لەساڵی 2007 دا (70,87٪ )ی هەموو بودجەی هەرێمی پێکدە هێنا ، لەکاتێکدا خەرجیەکانی وەبەرهێنان (29،13٪ ) ی پێکدەهێنابوو .لەساڵی (2008) دا ڕێژەی خەرجیەکانی بەکار خستن دا بەزیوە بۆ (62،3٪ )ی بودجەو ڕێژەی خەرجیەکانی وەبەرهێنانیش بەرز بۆتەوە بۆ (37،7٪) . هەر چەندە ئەمە نیشانەیەکی پۆزە تیڤە لە پێکهێنانی بودجە و خەرجیەکاندا ، بە پێویستی دەزانین سەرنج ڕاکێشین بۆ ئەو ڕاستیەی کەدەبێت بودجەی وەبەر هێنان لەزیادبوندا بێت لەسەر حسابی بودجەی بەکار خستن و لەهەمان کاتیشدا بودجەی وەبەرهێنان گرنگیەکی تایەت بدات بەکەرتە بەرهەم هێنەکانی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی .

12- ساڵی 2007 لیژنەکەمان تێبینی هەبوو سەبارەت بەوەی کە سەرچاوەی سەرەکی بودجەی هەرێمی کوردستان بریتیە لەو برە پارەیەی لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە تەرخان دەکرێ و داوایکردبوو کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات فرە چەشن بکرێن لە ڕێگەی زیادکردنی پرۆژە بەرهەمهێنەکان.کەچی بەداخەوە بودجەی ساڵی 2008 یش هەمان دۆخی بەخۆیەوە گرتووە .

13- لەبودجەی ساڵی 2007 دا قەرەبوکردنەوەی فەرمانبەران ( 54،5 ٪ ) ی هەموو بودجەی بەکار خستنی پێکهێنابوو. داوا کرابوو کەحکومەت پلانێك دابنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵئاوسانی دەزگا حکومیەکان و چارەسەر کردنی بێکاری شاراوە لەوڵاتدا . ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ڕێژەیە لەبودجەی ساڵی 2008 دا بەرز بۆتەوە بۆ ( 59،2 ٪ ) واتە بەزیادەی نزیکە لە ( 5٪ ) ئەمەش نیشانەیەکە کە ئەو بارودۆخە نەك چارەسەر نەکراوە بەڵکو خراپتر بووە .

14- ئاشکرایە یەکێك لەکێشەکانی خەڵکی کوردستان کێشەی نیشتەجێ بوونە کەزۆر جار زیاتر لەنیوەیداهاتی بەشێکی هاووڵاتیان بۆ کرێ خانوو دەچێ . پێویستە حکومەتیهەرێمی کوردستان چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە بەناوی سندوقی نیشتەجێکردن یان قەرزی خانووبەرە بدرێت بە هاووڵاتیان پێویستە وەزارەتی دارایی لەو ڕووەوە هەنگاوی بە پەلە و پراکتیکی بنێ .

15- ئێمە لە کاتێکدا ئەو تێبینیانە دەخەینە ڕوو سەرنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەمو خەڵکی کوردستانیش بۆ ئەو ڕاستیە ڕادەکێشین کەبودجە هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی ئابوری و چارەسەر کردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ووڵات و هەنگاو نان بەرەو گەشەکردنی ئاستی ژیانی خەڵك بۆیە دەبێت لەبودجەی ساڵانی داهاتودا هاو ئاهەنگیەکی چاکتر هەبێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی هێمن و ئاسودە و لە پێناوی ئایندەیەکی گەشەکردودا بۆ نەوەکانی داهاتوو .

16- پێویستە نوێنەرانی هەرێم لەحکومەتی مەرکەزی هەوڵ بدەن بۆ زوو جێبەجێکردنی بودجەی تەواوکەر ( المیزانیە التکمیلیە ) وپشکی هەرێم بنێردرێت و لەبواری گەشەکردنی ئابوریدا سودی لێ وەربگیرێت .

17- حکومەتی هەرێم لەکاتی ناردنی بودجە دا دەستەڵاتی دادوەری لەچوارچێوەی وەزارەتی داراییدا حسابکردبوو، بەڵام لیژنەکەمان داوایکرد کە پێویستە بودجەیەکی سەربەخۆ بۆتەرخان بکرێت بە پێی یاسای ئەنجومەن دادوەری کەلەلایەن پەرلەمانەوە بریاردراوەو پێویستە بودجەی سەربەخۆی هەبێت ، دواتر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوکەموکورتیەی چارەسەرکرد.

سەبارەت پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانیش لەکاتێکدا کەلیژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژە یاساکە دەکات بەشێوەیەکی گشتی ئەم سەرنج و تێبینیانەش دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان :

1- مادەی ( 9 ) نۆ برگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت بکرێتە برگەی ( 2 ) دووەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە .

دووەم وەزیری دارایی هەرسێ مانگ جارێك ڕا پۆرتێك لەسەر باری دارایی پێشکەش بەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق بکات .

2- مادەی ( 10 ) دەیەم برگە  یەکەم لە پرۆژە یاساکەدا جیاوازی هەیە لەنێوان وێنە ( نسخە ) ی عەرەبی و کوردیدا لەو برە پارەیەی کەوەزیری پەیوەندی دار دەستەلاتی خەرجکردنی هەیە لەنوسخەی کوردیدا بـڕی ( 150 ) ملیـۆن دینار دیاری کراوەو لەنوسخەی عەرەبیەکەدا بڕی ( 100 ) ملیۆن دینار دیاری کراوە .

زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکەمان پێی چاکە مادەی دەیەم بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە .

مادەی دەیەم :

یەکەم : وەزیری پەیوەندی دار دەسەلاتی خەرجکردنی گوژمەیەك لە ( 250 ) دووسەد پە نجا ملیـۆن دینــار زیــاتر نەبێت و بۆ هەر حالەتێك ،دەکرێ دەسـەلات بداتـە سـەرۆکی فەرمانگـەکانی سـەر بـەوەزارەت بـۆ خـەرجکردنی گوژمەیەك لە ( 50 ) پە نجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت . لەگەڵ ڕەچـاوکردنی خۆنەخسـتنە نـاو هـیچ ئیلتیزامێـك کە پشتوانەی تەرخانکراوی لەبودجەدا نەبێت .

دووەم : سەرۆکی فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەت دەسەلاتی خەرج کردنـی گوژمەیـەکی هەیـە ( 100 ) سـەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حالەتێك لەگەڵ ڕەچاو کردنی خۆنەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کـە پشـتیوانەی تەرخانکراوی لەبودجەدا نەبێ .

لەگەڵ ڕێز ماندا .........

| | | |
|---|---|---|
| چرۆ علی حمە امین | جوتیار مجید | د.دلێر شاوەیس |
| بڕیار دەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| احسان ئامێدی | زرار تاهیر | پەخشان زەنگەنە | هیواصابر |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

Economic.parlaman@yahoo.com